# چاودێری کوردۆساید لە سویسرا،

# بەفەرمی داوەتی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەکرێت

ڕۆژی چوارشەممە 25 ئاب کۆنفراسێکی جیهانی لە بارەگای سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری ژنێڤ لە وڵاتی سویسرا سازدەکرێت، ئەم کۆنفرانسە کە لە ژێر ناوی (بایۆلۆجی پیشەسازی، دابینکردنی داهاتویەکی ئاسایشتر) لە لایەن ئەندامانی پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی بایۆلۆژی (Biological Weapons Convention)ەوە ڕێکخراوە و بەڕێوەدەبرێت، ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاک یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی بە فەرمی داوەتکراوە. لەم کۆنفرانسەدا چەندان بابەتی زانستی و ئەکادیمی لەلایەن شارەزایان و کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکانی زانستی بایۆلۆژی و کیمیایی و ژینگە و ئاشتیپارێزەوە پێشکەش دەکرێت ...

---

28ی گەلاوێژ، ڕۆژی پەرچدانەوەی مرۆڤ کوژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

نە بۆ بەندیخانە ! نە بۆ گیان ئەستاندن ! نە بۆ کۆماری ئیسلامی!

خەڵکی وریا و تێکۆشەری کوردستان!

لە ساڵە وەختنەی فتوای هێرشە شەری ئایینیی ئایەتوڵلا خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان (28 ی گەلاوێژی ساڵی 1358 ی هەتاوی)، کە دەسپێکی شەپۆلی داپلۆسین، سەرکوت، کۆکوژی و مالوێرانی و ئاوارەبوونی تێکرایی خەڵک بوو، شەڕێکی تۆکمەی توندیش بە سەر خەڵکی کوردستان داسەپێنرا. ئەم فتوایە، هەر نەک یەکەم کازیوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژیم دژ بە خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکو لە ڕاستیدا زاڵ بوونێکی ڕەبەقی کۆنەپەرستی و دوور لە یاساییش بوو، کە حکومەتێکی بێ بەزە و چەوت و چەپەڵی لێ ساز بوو. حکومەتێک کە هەر دەنگێکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی بە زیندان و بەند و ئازار و فەوتاندن وەڵام دایەوە و بە پشت ئەستووریی کۆنەپەرستانی ناو کۆمەڵگە، کپی و بێدەنگییەکی مردووخانەیی بە سەر گۆشاوگۆشی ئێران دا سەپاند.

خۆبەخشانی شێت و شەیدای ویلایەتی فەقیە لە کوردستاندا جینایەتێکی ئەوتۆیان لە دەست هەڵوەری کە لە دیرۆکی نەتەوەکانی سەر ئەم جیهانە دا بێ وێنە بووە. ئەوان ، هاودەم دەگەڵ ڕاگەیاندنی فتوای شەڕی ئایینی لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینی و ناردنی خەڵخاڵی مرۆڤکوژ بۆ کوردستان، گەنج و پیریان پۆل پۆل ڕادایە بەر گوللە. پزیشکەکان، برین پێچ و تەنانەت بریندارانی ژێر دەرمانیش لەم کۆکوژییە دەرنەچوون. بە فەرمانی مەلا حەسەنی و بەڕێوەبردنی سەرهەنگ زەهیرنەژاد سەرۆکی ئەوکاتی لەشکەری 64 ی ورمێ، لە شارەکانی

نەغەدە، شنۆ، مەهاباد، ورمێ و سەلماس دا شەڕیان بە خەڵک فرۆشت و نیشتەجێیانی دەیان گوند و ئاواییان دایە بەر دەسرێژی گوللە؛ وێنەی زیندوویان قاڕنێ و قەلاتانە. هاوکات، لە بەندیخانەی شاری تەوریزیش دەیان رۆڵەی کوردیان بەبێ هیچ سەرخوێندنەوە و دادگایی کردنێک ، لە شەو دا تیرباران کرد.

لە یەکەم رۆژی ڕاگەیاندنی شەڕی ئاییینی هەتا ئێستا، هەزاران تێکۆشەری کورد، لەوپەڕی ناجوانمێریدا، لە لایەن دادوەرانی مێشک ترشاوی دادگەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سزای مەرگیان بە سەر دا سەپاوە و شەهید کراون، یان لە هەندەران، بەتایبەت لە کوردستانی عێراق، بکەرانی نادیاری کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستاندوون.

ترۆری یەک بە دوای یەکی ڕوناکبیران و سەرۆکانی سیاسیی خەڵکی کورد، وێنەگەلی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕەشەکوژییانەی دژ بە مرۆڤن و دەنگی دادگای میکونوسی ئاڵمان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی تاوانباریەتی سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم کوشتارە دا، پشت ڕاستکەرەوەی ئەم ڕاستییانەیە.

بە تێپەڕ بوونی زێدە لە سێ دەیەی ڕاگەیاندنی شەڕی ئاییینی، ئێستایش ئەگەر خەڵکی وریا و مافخوازی ئێران بە بۆنەگەلی جۆراوجۆر نیازی وەڕێختنی خۆنیشاندانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێت، ڕژێم بۆ چاوترساندنی خەڵک، بە گورجی چەند ڕۆڵەی تێکۆشەری سیاسیی کورد لە دار دەدات و بەم چەشنە بۆ ڕاگرتنی دەسەلات لە هیچ سووکایەتی و پێشێلکردنێکی مافی ئینسانی خۆ ناپارێزێت.

ئێمە ئەو کەسانەی وا ئەم بانگەوازەمان واژۆ کردووە، لە ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی فتوای خومەینی (28ی گەلاوێژی 1358ی هەتاوی (لەمەر کوشتاری خەڵکی کوردستان و بۆ ڕاگرتنی ڕێز و خۆشەویستیمان سەبارەت بە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، ڕایدەگەیەنین کە:

ڕۆژی پێنجشەمۆ 28 ی گەلاوێژ، ڕێکەوتی 19 ئاگوست کاتژمێری 12 نیوەڕۆ بە کاتی ئێران ـ لە ئەورووپا دا کاتژمێری 9:30 ، خەڵکی کوردستان بە تێکڕای کرێکار، موچەخۆرانی ئیداری و کارمەندانی ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان و کەرتی تایبەت و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەر جێ و شوێنێک هەن، دوو خولەک بێدەنگی ڕابگەیەنن. ئەمجار بۆ دانانی چەپکە گوڵ لە سەر گڵکۆی گیانبەخت کردووانی ڕێگای ڕزگاری و سەردانی بنەماڵەکانیان ، ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەجێ بهێنن. هەروەها بۆ پەرچدانەوەی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوویی دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافخوازانەی خەڵکی ئێران، لە کاتژمێری 10 ی شەو بە کاتی تاران، بە ماوەی دوو خولەک چراکانی ماڵ و شوێنی کاری خۆیان بکووژێننەوە.

هاووڵاتییانی بەڕێز !ژنان و پیاوانی وریا و لاوانی لە گیان بوردووی ئێران! لە ساڵەوەختینەی فتوای ئایەتوڵڵای خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان؛ ئێوەیش دەتوانن بە تێکۆشانی وریایانەی خۆتان لمبۆزی دێوی دیکتاتۆری بلەوەز لە خۆڵی ڕێگاتان وەربدەن.

وەرن با دەست لە ناو دەست و شان بە شانی تێکۆشەرانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، دەنگی هاواری ئازادی و

**مافخوازیمان پێکەوە تێکەڵ بکەین و هەتا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆمان نەسرەوین. هەموومان پێکەوە و یەکدەنگ بڵێین کوشتن، ترۆر، ئەشکەنجە و زیندان ئیتر بەسە .ئەمجار بە هەنگاوی لێبڕاوانە، بۆ دانان و دامەزرانی ڕژێمێکی دیمۆکراتیک و شارستانیانە و پێشڕەو، بەرەو پێش بچین.**

16گەلاوێژی 1389 ی هەتاوی ـ 7 ی ئاگوستی 2010

(امضاء کنندگان ) : **به ترتیب حروف الفبا**

**آرام چراغی - آرام طه - آرام عثمانی - آرام مهرپرور - آریا مکریان - آریز اندری - آریز داراپور - آزاد خزرنیا - آزاد سقزی - آزاد مرادیان - آزیتا قبادی - آفاق طوفانی - آلان نبی زاده - آمنه بلوری - آنیتا مرادی - آوات روشنی - آوات علیار - ابراهیم کهنه پوشی - احمد ابراهیمی - احمد ختمی - احمد عزیزی - احمد لبادی - ارژنگ بامشاد - اسرین حسینی - اسعد رشیدی - افشین مهرآسا - اقبال اقبالی - الهام یاوری - امجد ختمی - امجد کریمی - امیر صلواتی - انور بایزیدی - انور سلطانی - ایرج ولدی- ایوب رحمانی - بابا علی مهرپرور - باسط کردستانی - بروسک ابراهیم - پرشنگ بلوری - پیمان شکری - ثریا زنگباری - جعفر تیکان تپه - جعفر مسعودی - جمال پور کریم - کژال بلوری - جمیل نوره - جواد ملا - جینا توتاگاجی - حامد جهانی - جهانبخش رستمی - حسن ایوب زاده - حسن درزی - حسیبه ساوجی - حسین خلیقی - حمید شریفی - خالد تیکان - خلیل حواری نسب - خوره تاو شاهو - رحمان بیساران - رحیم بندوئی - رحیم محمودی - رزگار نلاسی - رضا کاویانی - رضا یغموری - رضوان کنعانی - روژین شریفی - روفیا رمضانعلی - روناک ایازی - زاگرس کردیار - ژاله رحیمی - ژیلا راوی - س . رحیمی - سارا تبوری - سالار آشناگر - سرهنگ چیا - سعید سرهنگی - سعید شمس - سکو علی - سمیرا پوراندخت - سیامک حیدری - سیامک طیری - سیامند معینی - سوسن رخش - سیروان کاوسی - سیمین افتخاری - شاخەوان عزیزی - شمزین جهانی - شهاب گلان - شهاب الدین شیخی - شهلا دباغی - شلیر درویشی - شنه چراغی - شهین غفاری - شیلا محمدیان - صابر شیخ الاسلامی - صالح پیروتی - صالح سلطان - صالح مرادی - صلاح الدین مدرسی - طهمورث کرباسی - عارف نادری - عبدالرحمان خادمیانی - عبدالله علی - عبدالله محمدی - عبه هلوره - عزت پیرانی - عزیز شیخانی -عطا دباغی - عطیه معمارپور- علی رازدار - علی عزیزی - علی کریمی - علی ندیمی - علی هداره - غلام زبردست - فاتح مردوخ - فایق احمد - فرامرز بختیار- فرح شریفی - فرهاد ثریا - فریبا گرین - فواد محمودی - قاسم چیره - قمری صالح زاده - کاله مرادی - کامران امین آوه - کریم دانشیار - کیوان فرامرزی - گلاویژ حیدری - گلی قبادی - گوران امیری - گوهر فیضی - لقمان فاروقی - لیلا محمدی - محمد چاوشی - محمد خاکی - محسن کاکه رش - محمد سیار- مسعود شعبانی - مسعود طهماسبی - مصطفی مدرسی - مظفر نامداری - منصور ایزد پناه - منصور خالدی - مورتون میکائیلسن - مهران اعظمی - مهرداد آزاد - مهین شکرالله پور- مینا شمس - ناهید بهمنی - نجم الدین غلامی - ندا ایرانی - نسترن اعظمی فرد - نظام ذکریائی - نگین شیخ**

**الاسلامی - ویدا نعمتیان - ویکتور آرام - هادی بوتیمار- هاشم کریمی - هوشنگ ختمی - هومن خرمشاه - هیرش سلیمی - هیوا گل محمدی - یوسف افراسیابی - یوسف پاوه ای - یوسف رحمانی و ......**

**سازمان حقوق بشر کرد – اروپا**

**کوردوساید واچ ( چاک ) - کمیته ی شرق کردستان**

**در صورت تمایل به امضاء این بیانیه، لطفا اینجا را کلیک کنید:**

http://www.ipetitions.com/petition/28_mordad